کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-10-2007 21:32

## کورد و هەورامی دوو نەتەوەی جیاواز؟! ... موحسین شوانی

ئەم ناونیشانە تووشی شۆکتان نەکات، بەڕێوەیە جودا خوازی، بەڕێوەیە ماڵوێرانی ودووبەرەکی! ئەم میللەتە دابەش وبەشخوراوە بۆوادەکات؟ ڕەنگە کاتی ووروژاندنی ئەم جۆرە بابەت ومەترسیانە نەبێت لەکاتێکدا سووپای تورك لەئامادەباشی ورق ئەستووری تەواودابن، بۆهێرشکردن وبەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان، بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی گەریلاکانی پارتی پارێزگارانی کوردستان تۆڵەی ئەو شازدە ساڵە ئازادیەی کوردستانی باشوور بکاتەوە کە چاویان پێ هەڵنایەو بەردەوام بەبیانووی جۆراوجۆرەوە هەرەشەدەکەن!بەڵام هەڕەشەی دووژمن ودەستدرێژی وپیلانەکانیان هەردەم چاوەڕوانکراووحسێب بۆکۆاوبووە، بەدرێژیی مێژووش دوژمنانی کورد بەهەمووشێوازێك لەهەوڵی لەناوبردن وسڕینەوەی ئەم میللەتەن بەڵام مەرامەکانیان دواجار شکستی هێناوەو بەپێچەوانەوە بۆتە مایەی پتەوترکردنی ڕۆحی کوردایەتی وبەهێزبوونی سۆزی نەتەوایەتی، ئەگەر دەستەرەش وخائینەکان لەناوگەلدا سەرهەڵنەدەن! من لەبابەتێکی پێشوومدا لەسەرزمان وشێوەزارەکانی وداواکردنی ناوچەیەك یاخود شێوەزارێك بۆزمانی نووسین وخوێندن مەترسی ئەو جووداخوازیەم خستەڕوو، بەڕێزموحسین جوامێریش بەهەمان شێوە لەشەڕێکی بەردەوامدایە بۆپاراستنی زمانی کوردی لەدابەشبوون ولەتبوونی، وەك نموونەش گووتم ئەگەر بادینی ببێتە شێوەزارێك بۆنووسین وخوێندن ئەوە ناوچەی تروشێوەزاری تریش ئەم داوایەدەکەن ورەنگە تەشەنەکردن وووروژاندنی ئەم داوایانە کاردانەوەی ترو خوێندنەوەی تری بۆبکرێت! وەك ئاماژەش یەك لەوشێوەزارانە هەورامی بوو،

بەڵی هەرواش دەرچوومەترسییەکە زۆر لەوە گەورەتربوو کەداوای شێوەزاربکرێت بەڵکو داوای جیاوازی بەنەتەوە بوونی هەورامیش سەری هەڵدا!

شێخ عبدالرحمن نەقشبەندی، هەورامی بەنەتەوەیەکی جیاواز لەکورد دادەنی وبۆئەم مەبەستەش حیزبێکی هەورامی دامەزراندووە، مەرجی ئەندام بوونیش لەوحیزبە هەورامی بوونە، بەلای جەنابی شێخەوە هەورامی نەتەوەو زمانێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ کورد؟!

داواش لەمام جەلال وکاك مسعود دەکات لەمەو دوا چۆن ناوی کەمەنەتەکانی تورکمان وئاشووری وکلدان دێنن، ئاواش ناوی هەورامی وەك کەمە نەتەوە بێنن!

بەقسەی جەنابی شێخ بێت زۆر کەس لەناوەودەرەوەی کوردستان پشتگیری دەکەن وبۆئەم مەبەستەش بەم نزیکانە داوای مۆڵەت لەحکومەتی کوردستان دەکات، کورد گووتەنی (ماڵ لەخۆی نەبوومیوانیشی هاتە سەر) !نەك هەرئەوەش جەنابی شێخ عبدالرحمن خۆی بەخاوەن ومیراتگری تەریقەتی نەقشبەندی دەزانی وئێستا لەشارۆچکەی تەوێڵە سەرپەرشتی خانەقاومەرقەدو مەزاری تەوێڵە دەکات پێیوایە لە95% نەقشبەندیەکان پێشوازی لەم پرۆژەیە دەکەن؟ بۆیە پێویستە لەسەر هەورامیەکان ونەقشبەندیەکان هەڵوێستی خۆیان بنوێنن ولەمەر جوداخوازی شێخ عبدالرحمندا، سەیر لەوەدایە بەرێزشێخ پێیوایە پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی هەرهەموویان هەورامین!

دواپرسیارم ئەوەیە ئەری حکومەتی هەرێم مۆڵەتی لەم جۆرە دەدەن؟

2007\10\27

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.